# "هەقایەتی دەبەنگیی"

نووسینی: شێرزاد حەسەن

مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سەر ئەم زەمینە، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، خۆی بە زیرەك و عەقڵپەروەر و ئاوەزدار دەزانێت، ئەوەش لای هەندێك کەس گرفتە و مایەی گومانیشە، لە لای ژمارەیەکی یەکجار زۆریش مایەی فیز و شانازییە، لە زۆر شوێن و لە زۆر قۆناغی جیاوازدا و لە نێو زۆرێك لە میللەتانی دونیادا، بە تایبەت ئەوانەی کە کەمێك خۆ بە شارستان دەزانن، ئەوانەی کە بەختی ئەوەیان هەبووە زووتر دەستیان بە پیشەسازی و تێکنۆلۆژیا بگات، مرۆڤەکانی پتر خۆ بە ژیر و عەقڵزادە دەزانن. لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ توانی بەسەر سروشتدا زاڵ ببێت، مەل و ئاژەڵ و خاك و خۆڵ و ئاو و ئاسمان بخاتە ژێر هێز و دەسەڵات و ڕکێفی خۆی، ئیدی تەواو ڕۆحی پەنما و فیز و هەوایەك لە کەللەی دا، مرۆڤـ کە تا ئەو قۆناغەی هێشتا ڕواچی، یان شوان و گاوان و جوتیار بوو، لەگەڵ سروشتدا دۆست و تەبا و هاوشان بوو، هێشتا سروشتی دەدواند و دڵداری لەگەڵدا دەکرد و خۆی بە خودان و گەورەی هیچ ڕەگەزێکی دیکەی ناو سروشت نەدەزانی، مرۆڤ هەر لە دوای دۆزینەوەی هێزی (هەڵم و باروت) هێدی هێدی شاگەشکە و پڕ فیز و هەتا دڕندەیش بوو، بڕوای تەواوی پەیدا کرد کە زیرەکە و دەتوانێت خۆی بکات بە خودانی سەر زەوی..دواتریش

ئاسمان، بەڵام لەمڕۆکەدا هەر خودی مرۆڤـ ، بە تایبەتی زان او داناکان ڕایانگەیاندووە کە هەرچییەکی دەیزانین مایەی فیز و خۆبەزل زانین نیە، ئەمڕۆکە گومان کردن لەو توانا و زیرەکییە بابەتی سەردەمە، سوقرات واتەنی: "هەموو ئەو شتەی کە دەیزانم: ئەوەیە کە من هیچ نازانم!" بەڵام ئەمەیان لەسەر ئاستی دانا و زانا و فەیلەسووفەکان، کە لای هەندێکیان گەیشتە قۆناغی گومانکردن لە خودی کارکردنی عەقڵ، لە سەدەی بیستەمدا عەقڵی کارکردەی مرۆڤ سەلماندی کە عەقڵ بە هەموو جوانی خۆیەوە دەکرێت وێرانکەر بێت و کارەساتی گەورە بنێتەوە، لە هەمانکاتدا ملیۆنەها مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بۆچوونیان وایە کە ئادەمیزاد جوانتر و زیرەکترین گیانلەبەرە لەسەر زەمین، ئەم ڕوانینە بوو کە وایکرد مرۆڤ لە فەلسەفەی ئەخلاقی تەقلیدیدا وا سەیری دونیا بکات کە تەواو و پڕ کەماڵە، سیستمێکی عەقڵانی لێیدەخورێت، هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدایە و خزمەت بە ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی دەکات. ڕۆحێکی هەرەمی – هیرارکی ئەم جیهانە بەڕێوە دەبات: باران لە پێناو ڕووەك و سەوزایی هەیە، ڕووەك و سەوزاییش بۆ خزمەتی گیانلەبەرەکانە، هەڵبەتە گیانلەبەرەکانیش بە مەل و ئاژەڵ و هەر هەموو زیندەوەرەکانەوە لە خزمەتی مرۆڤدایە، کە تەنها خۆشبەختی مرۆڤیش ئەوپەڕی خەون و پیرۆزترین ئامانجە. ئەوەی کە ئاشکرایە لەمڕۆکەدا وا دەرکەوتووە کە خودی مرۆڤـ ، بە تەنیا و دیکتاتۆرانە، بڕیارێکی وای لە لا بووە بە قەناعەت، مرۆڤەکانیش لە ناو خۆیاندا خۆ بە زیرەك دەزانن، چونکە نە مەل و نە ئاژەڵ و نە درەخت و نە ئاو و نە ئاگر ناتوانن و بۆیان نیە بە

مرۆڤـ بلێین کە ئەم چیە و هەڵگری چ ڕۆح و گەوهەرێکە. مرۆڤ بە تەنها لەبەر ئەوەی دەتوانێت قسە بکات و پیشەساز بێت، خۆی بە ژیر و بلیمەت دەزانێت، لەمڕۆکەدا ئەو وڵاتەی کە کاریگەرترین و کوشندەترین جۆری چەك و تەقەمەنی دروست دەکات و گەورەترین ژمارە لە مرۆڤ لە ناو دەبات، بە وڵاتێکی پێشکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت و جێی شانازی خەڵکەکەشییەتی، لە سەدەی بیستەمدا تێکنۆلۆژیای خزمەتکار بە مرۆڤ پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینی، بەڵام پیشەسازی چەك و کەرەستەکانی کوشتن و کاولکاری زۆر لەوە کوشندەتر بوو کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکرد، دوا جار لەوەتەی مرۆڤ هەیە گەمەی "شەڕو ئاشتی" بەردەوامە، جا چ بەناوی خوداوە بێت و چ بە ناوی شەیتانەوە.
دەکرێت گومان بکەین و بلێین: مرۆڤ هێشتا بوونەوەرێکی ملهوڕ و دەبەنگە، خۆ خودی گەمژەیی شتێك نیە بەرجەستە یان بە چاو ببیندرێت، دوا جار دەبەنگی بوونەوەرێکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو کارکردە و ڕەفتاری کەسێکە کە گەلحۆیە، هەموو میللەتانی دونیا بۆ وشەی گەلحۆ، گەوج، گەمژە، دەبەنگ، خرپۆ، گەلۆر، لاژگ، گێژ، کەودەن، گێل، کەللەپووت، کاس وهێڕ یان هێڕ و وڕ... هتد، هاوـواتای زۆرتریان لە ئێمە هەیە، گەلحۆ کەسێکە کە باش بیر ناکاتەوە، یان هەر ناتوانێت بیربکاتەوە، یان دەتوانێت و بەڵام خراپ و شەڕانگێزانە بیر دەکاتەوە، زۆرن ئەو کەسانەی کە لە دیدی ئەوانی دیکەوە زیرەکن، بەڵام هەموو ئاکار و ڕەفتاریان دەبەنگانە دەنوێنێت، گرفتی مرۆڤ بە "مێ و نێر"ەوە ئەوەیە کە لە دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن بە شێوەیەکی ئەکادیمی یان وەرگرتنی

بەڵگەنامەیەکی دانیشگایی خۆی بە زیرەك دەزانێت، جا پیشەکەی هەرچییەك بێت، بەڵام ئەمەیان گەورەترین فریو و خۆ دەستخەڕۆکردنە، چونکە دەکرێت کە ئەوانەشی زانکۆیان تەواوکردووە باش بیر نەکەنەوە، نە لە خۆیان و نە لە دونیاش تێگەیشتبن، یان لە ڕووی عەقڵی و ڕۆحییەوە سست و تەمبەڵ بن، ڕقیان لە هونەر و ئەدەب و زانست بێت، بە هەموو لقەکانییەوە، دژی هەموو شێوەکانی بیرکردنەوە بن، بۆ هەمیشە تەمبەڵی و تەوەزەلی لەگەڵ دەبەنگیدا دووانەی یەك سکن، یان دەکرێت بیر بکەنەوە، بەڵام ڕاستگۆ و پاك و ژیرانە بیر نەکەنەوە، چونکە هەموو ژیرییەك لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە گەر سەیری بکەین ڕێژەییە، جوانیی و ژیریی لەوەدایە کە لە خزمەتی هەمووواندا بێت، گەر زیرەکی بە تەنها بۆ تێرکردنی مەیلە زاتییەکانی خۆت بێت و خۆپەرستی ئەوپەڕی ئاواتت بێت، هەقمانە گومان لەو زیرەکییە بکەین، کەواتە گەر ژیری لە شوێنی خۆیدا بەکار نەیەت، دەکرێت وێرانکەر و خۆپەرستانە بێت، (شێخ زانا)ش لە هەولێر کە سەرداری باندێکی خوێناوی بوو، زیرەك و خاوەن کاریزما بووە، بە تایبەتی لە ڕاهێنانی ئەو هەموو خەڵکەو کارپێکردنیان، بەڵام عەقڵێکی جەهەننەمی هەبووە، دوا جارو لە ئاکامدا هەر هەمووی بە دەبەنگی شکایەوە، چونکە خۆپەرست و وێرانکەر بوو.

زۆر جاران ئەوەی وا لە مرۆڤ دەکات خۆی بە زیرەك بزانێت کارکردەی سیاسەتە، ئەوە سیاسەتە کە وا دەکات لە هەموو دونیادا ملیۆنەها کەس خۆ بە زیرەك بزانن، کەچی بەڵگەمان زۆرە و دەرکەوتووە کە ئەوانەی دونیا وێران دەکەن و مرۆڤ لە خشتە دەبەن و جەنگی ماڵ کاولکەر گەرم

دەکەن و خۆیان تێر دەکەن و خەڵکیش برسی ... پیاوانی ناو جیهانی سیاسەتن، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات، دەڵێم پیاوان، چونکە چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا ژن لە ناو سیاسەتدا هەم تەمەن کورتە و هەم بە ژمارە و کارکردەی مەیدانی کەمن، گەرچی ڕۆژئاوا لە سیاسەتدا عەقلانییە، بەڵام گەمەی سیاسەت، هەتا لەوێش، بەدەر نیە لە دەبەنگی و دژە ئەخلاق، دیارە ڕۆژئاواش میراتگری چەندەها دیکتاتۆر و دوو جەنگی جیهانی بوو، هەر بە ناوی سیاسەتەوە، ئەو گەمە خوێناوییەیان بەڕێوە دەبرد، لە قۆناغی جیا جیادا مرۆڤ هەم جەنگاوەر بووە

و هەم گەلحۆ، ئەو پیاوانە بە ناوی چاککردن و جوانکردنی دونیا و بەرپاکردنی یەکسانی و سەدەها دروشمی شۆڕشگێڕانە هەڵدەگرن، کەچی لە ئاکامدا ملهوڕ و گەلحۆیانە وێرانتری دەکەن، دیارە لە قۆناغی جیاجیادا و لە دەیەها وڵاتدا سیاسەتبازەکان دەست لە ناو دەست لەگەڵ

جەنگاوەرەکاندا بە هەمان ئاراستە گێل و وێل بوون، تەنها ئەوەیە کە دوای چەندەها جەنگ وماڵوێرانی، لە کیشوەری ئەورووپادا، بۆ نموونە، هەندێك یاسا و ڕێسا دەستیان دەبەستنەوە کە نەتوانن وەك جاران وێرانکەر بن، کەواتە چۆن دەبەنگی و تەمبەڵی یان سستی زهنی دووانەی هەمان سکن، بە هەمان ئەندازە دەبەنگی و دڕندەیی هاوشانی یەکدین، کەواتە سیاسەت ئەو مەیدانەیە کە لەوێدا هەموو خەسڵەتەکانی دەبەنگیی دەردەکەوێت، نموونەی دەبەنگیی لە دونیای سیاسەتی هاوچەرخدا گەمەی ئامریکا و هەندێك لە وڵاتانی ئاورووپادا بوو لەگەڵ عێراق ــ دا کە خودی خۆیان ئاشی جەنگەکانی عێراق–یان گەرم کرد دژ بە دراوسێکانی،

بۆ دەیەها ساڵیش خەڵكیان برسی كرد و هەزاران مردن و ملیۆنەها كوژران و دەربەدەر بوون، هەمووشی گوایە سزای دیكتاتۆرێك دەدەن كە پێشتر خۆیان پشتگیریان دەكرد، لەسەر ئاستی سیاسەتی كوردی، لەتوپەتكردنی كوردستانی باشوور لە نێوان حیزبەكانداو شەڕی دەستەڵات و گەندەڵی بەڵگەیە كە گەمژە بووین و باش بیرمان نەكردەوە، ئەوەندەش كەودەن بووین وەك كۆیلەو بەندەوار چووینەوە قەسابخانەكەی بەغدا.
ئەوە گەلحۆیی سیاسەتبازەكانە كە خەڵقەندەیەكی وەك (ئوسامە بنلادن) دروست دەبێت، خەڵقەندەیەك كە لە ڕۆژانی ململانێی نێوان ئەمریكا و سۆڤییەتدا لە دایك بوو، كە ئەفغانستان خاكی ململانێیەكی خوێناوی بوو كە تا ئەمڕۆكە ئەو هەموو كارەساتەی لێكەوتەوە. گەورەترین دەبەنگیی لە دونیای سیاسەتدا لەو (70) حەفتا ساڵەی (شۆڕشی ئۆكتۆبەر)دا دەركەوت، دوای حەفتا ساڵ لە شۆڕشی سوور لە یەكێتی شوورەوی و خەونی سۆشیالیزم لەبەر یەكدی هەڵوەشایەوە، دوای حەفتا ساڵ جادەكانی ڕووسیا و ئاورووپا پڕ دەبن لە ژن و پیاوی برسی و دەرۆزەكەر، تیاترۆخانەكانیش پڕ بوون لە كچی گەنج  و هەتا پیرەژنی ڕووسی كە وەك ئارتێست كاردەكەن، ئەمەیان ناوی هەرچی بووبێت وەهمی شۆڕش بوو لە چاندنی خەون و دروشمی درۆ لە دڵ و مێشكی خەڵكیدا، مرۆڤ بوونەوەرێكی سیاسەتكارە، بۆیە كەم و زۆر گەلحۆیی لێ دەوەشێتەوە، سیاسەتیش لەسەر دروشم و خەونی درۆ دەلەوەڕێت، لەسەر مژدە بەخشین بە دروستكردنی (یۆتۆپیا)یەك لەسەر زەمین، ئەوەی بۆ مرۆڤ ڕەخساوە كە لە ناو دونیای سیاسەتدا ئەو گەمە خوێناوی و ناشیرینە

بکات بە ناوی فەراهەمکردنی سەربەستی و خۆشبەختی، هەمان گەمە لە ناو (ئایین)یشدا کراوە، جا مژدەبەخش چ جولەکە بووبێت، یان عیساپەرست و یاخود موسڵمان، هەر هەموویان بانگەشەی (یۆتۆپیا) دەکەن، بەڵام هەر هەمان مژدەیە و هەر هەمان دەریای خوێن، هەر هەمان ئەفسانەیە، چ ئاسمانی و چ دونیایی، ئەوانەشی کە بەو مژدانە فریو دەخۆن و دەستخەڕۆ دەبن کەسانی هەژار و بەشمەینەتن. دوا جار گەمە خوێناوییەکانی ناو سیاسەت و ئایین زۆر لە یەکدی دەچن، یەك دونیا مژدە و پاشانیش چەندین زەریای خوێن و فرمێسك، دوا جار سیاسەت و ئایین کار لەسەر ڕەهاگەرایی "موتڵەق"و یەقین و تاك هەقیقەتی دەکەن، کار لەسەر دۆگما –وشکە عەقیدە– دەکەن کە وای لێدێت مێشك شەختە بگرێت و هەرگیز نەتوێتەوە، هەر مەزهەب و بڕواو فەلسەفەیەك بێت، هەر ئایدیۆلۆژیایەك: چ ئاسمانی و چ سەرزەمینی تا ئەبەد نەگۆڕ بێت، ئاکامەکەی ترسناکە.

"ریژیە دۆبرێ" واتەنی: لە باشترین حاڵەتدا سیاسەت هەوڵدەدات جێگەی ئایین بگرێتەوە یان لاسایی بکاتەوە، کەچی ناتوانێت، تۆو و گەرا و بگرە ڕۆحی ئایین وا لە ناو جیهانی سیاسەتدا، چونکە سیاسەتیش لەسەر یەقین و تاك هەقیقەتی کار دەکات، باشترین نموونەش بزاف و شۆڕشە سۆشیالیستییەکانی سەدەی بیستەم بوون، کە لە ئاکامدا خۆیان بوونەوە بە ئایین و هەرەسیان هێنا و نەشیانتوانی جێ بە ئایین–یش لەق بکەن، گەرچی مارکسیزم بۆ خۆی بانگەشەیەکە بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەکی سێکیولارو عەقڵانی، کەچی لە کارکردنیدا، بە دەست سیاسەتبازە

گەمژەکان بە ناعەقڵانی و غەیبیانییەت شکایەوە، سیاسەتباز پتر لە ئەسپی عارەبانە دەچێت کە هەردوو لا چاوی گیرابن و بە تەنها پێشەوەی خۆی ببینێت.

گەورەترین دەبەنگیی لەم سەردەمەدا بە ناوی بازاڕی ئازادەوە هاتۆتە پێشێ کە ئەویش گوایە دوا داهێنانی لیبڕالیزمە لە سیاسەتدا، بەڵام بازاڕ و گەمەکانی ناو پەیوەندییە ئابوورییەکانیش شوێنێکە کە ملیۆنەها مرۆڤی گەلحۆ و مشەخۆر و بەرخۆر خۆیانی تێدا دەشارنەوە، هەر وەك بڵێیت بازاڕی ئازاد لە ڕۆحی خۆیدا مرۆڤ بەختەوەر بکات، بە واتا مرۆڤ ئازادە لەوەی چی دەکڕێت و چی دەفرۆشێت، دوور لە چەوسانەوە و پوولپەرستی کە ئەوەشیان درۆیەکی زۆر گەورەیە، ئەم چەشنە بازاڕە هەر چەندە یاساو ڕێسای هەبێت، دوا جار وەك پارەدار و بێ پارە سەیری مرۆڤەکان دەکات، (هەبووەکان) لە (نەبووەکان) جیا دەکاتەوە، لەو بازاڕەدا مرۆڤ ئەوەندە گەلحۆ دەکرێت کە جگە لە قازانج چاوی لە چیدیکە نیە، مرۆڤ لە بوونەوەرێکی پڕ لە هەست و نەست و حەز و خەون و خولیاوە دەبێت بە کڕیار و فرۆشیار، ڕێکلامیش وای لێدەکات کە هەست بکات کە کەلوپەلەکانی کۆن بوون و هەتا زووە پێویستی بەوە هەیە شتی تازە بکڕێت، لە بازاڕدا بەرامبەرەکەم یان سەرچاوەی قازانجەکانمە یان زیانەکانم، لە بازاڕدا خاوەن کوتاڵ هەمیشە لە خەمی قازانجی خۆیدایە، چ شتومەکەکان قوماش بێت و چ زریپۆش بێت و چ چەکی کیمیاوی. ئابووری بازاڕ هەموو یاسا سروشتی و ئینسانییەکان ڕەت دەکاتەوە، بە تایبەتی کە جارێکی دیکە دێتەوە خزمەت سیاسەت، چونکە سیاسەت و ئابووری بە بێ

یەکدی هیچیان پێ ناکرێت، دوا جار سیاسەت بۆ خۆی دەبێتەوە بە بازاڕ و دوکان و کڕین و فرۆشتنی خاك و خەڵکی، کڕین و فرۆشتنی میللەتان، لەوێدایە کە هیچ مۆڕاڵێك -ئەخلاق-ێك نامێنێتەوە، قازانج و زیان وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بازاڕ و ئابووری بازاڕ بەوە کۆتایی بێت کە بیرکردنەوە لە قازانج و بەرژەوەندی و سەرمایە هەرگیز کۆتایی نەیەت، تەماعەکانی مرۆڤ بێ ئەندازە و بێ سنوور زۆر دەبن، بڕوایەکمان لە لا دروست دەکات کە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ئێمە لەسەر ژیان و زیندەگی خودی (پارە) وەستاوە، پارەش زۆر گێلانە دەچێتە ئەو گیرفان و لە گیرفانێکی دیکە دێتە دەرێ، پارەکە خۆی ڕۆحی نیە و بێ گیانە، کەچی دەبێتە گەورەترین و پیرۆزترین و جوانترین ڕۆحلەبەر، مرۆڤ لە بری ئەوەی ببێت بە خاوەنی پارە و موڵك و ماڵ و سەرداری شتومەکەکان، کەچی خۆی بێئاگا لە خۆی دەبێت بە کۆیلە و ملکەچی پارە و موڵك و شتومەکەکان، کە ئەوەیان ئەوپەڕی بەندەواری و کۆیلەبوون و گەلحۆبوونە، مرۆڤ لەو بازاڕە ئازادەدا کۆیلەیە و ڕۆحی ئادەمیزادانەی خۆی دەدۆڕێنێت، ئەوەشیان گەورەترین فێڵی بازاڕە، بازاڕی ئازاد ملکەچکردن و بە کۆیلەبوونی ملیۆنەها مرۆڤە و خزمەتکردنە بە ژمارەیەکی زۆر کەم لە کۆمپانیا و قۆنتەراتچی و دەزگا زەبەللاح و خاوەن فابریقەکان.

لەم سەردەمەدا چیدیکە باوی ئەوە نەماوە بە بازاڕی ئازاد بوترێت گۆڕینەوەی کارێك بە کارێکی دیکە، گەنم بە ترێ، یان هەر شمەکێك بگۆڕێنەوە بە شمەکێکی دیکە، بەسەرچوو ئەو سەردەمەی مرۆڤ دەبوو بە

چەرچی، یان بە جووتیار، ئاسنگەر..یان خاوەن هەر پیشەیەکی دەستیی کە زۆر ئازادانە و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان سەواو مامەڵەیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد، بازاڕی ئازادی ئەمڕۆکە هی سەرە گەورەکانە و ئێمەش لەو کڕین و فرۆشتنەدا زۆر نایەکسان لە بەرامبەر یەکدیدا دەوەستینەوە و دەبین بە کەلوپەل، دوا جاریش بەرخۆر و مایەپووچ. لە ناو ئاشێکی وادا من و تۆ دەنکە گەنم یان جۆیەکی هاڕدراوین. جاران لەو بازاڕەدا کڕیار و فرۆشیار دوو مرۆڤبوون کە ڕەفتار و ئاکاری یەکدیان دەبینی، ئێستاکە تێکنۆلۆژیا و پیشەسازی هاوچەرخ وایکردووە ملیۆنەها مرۆڤ لە کڕین و فرۆشتندا بێئەوەی یەکدی ببینن، تاکە پەیوەندییەك لێرەدا کۆنتۆیە –حیسابی بانق–ە. هەرچەندە بازاڕ پابەندی چەندەها یاسا و ڕێسای مۆدێرن بێت، دوا جار ئەخلاقی بازاڕ قازانج دەخوازێت و زیادکردنی فرۆشتەنییە. تا هەنووکەش ئاورووپا و ئەمریکا و ئوستورالیا بۆ خۆیان وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە گەورەترین سەرچاوەی قازانج دەزانن، لەوەشدا درێغیان نەکردووە کە بە ملیۆنەها تەن چەك و تەقەمەنی بە دیکتاتۆرەکانی ئەم ناوچەیە بفرۆشن، لەو جۆرە بازاڕەدا هیچ جۆرە بەهایەکی ئینسانی لە ئارادا نیە، زۆرن ئەو سەرمایەدارانەی هاوکات لەگەڵ سیاسەتبازە گەمژەکان وتوویانە: من بازاڕم هەیە و کەسێك لەو دیوی زەریاکانەوە دێت و لێمدەکڕێت، لێرەدا سەرمایەدار ئەو دڕندەیەیە کە هەرگیز تێر نابێت. بازاڕی ئازاد گەورەترین مەملەکەتی دروستکردنی مرۆڤی دەبەنگ و بێ ڕەوشتە. کوشتارگاکانی سەدەی بیستەم درێژترین داستانی دەبەنگیی مرۆڤی سپی و قازانج پەرست دەگێڕیتەوە، لێرەشدا

(ئەخلاق) دەبێت بەو بەها و چەمکەی کە لە سەردەمی شاعیرە ڕۆمانسی و فرۆشیارە گەڕۆکەکاندا هەبووە، سەردەمی ئەو مرۆڤپەروەرانەی کە بڕوایان وابووە کە نەك هەر مرۆڤ، بەڵکو لەگەڵ پڵنگ و پەپوولەش بران.
لە پاش هەقایەتی دەبەنگی مرۆڤ لە ناو سیاسەت و بازاڕدا، هەقایەتی دەبەنگیی ئێمە لەبەرامبەر سروشت و ئەو ژینگەی تیایدا دەژین زۆر ناشیرینترە، پڕ کارەسات و جەرگبڕترە، مامەڵەی لەگەڵ ئەو خاك و ئاوەی کە لەسەری دەژین و دوا قۆناغی دڕندەبوونی ئێمە دەسەلمێنێت. هەر یەکە لە ئێمە هەر پێنج هەستەکەی بە کار بهێنێت زۆر بە ئاسانی تێدەگات کە مرۆڤ چەندە بە گێلی و ملهوڕی خۆیەوە ئەو سروشتەی چواردەوری خۆی وێران دەکات، هەر لە خاك و ئاو و هەوا تا دەگات بە هەموو گیاندار و زیندەوەرەکانی سەر زەمین، لەوە دەچێت چالاکی عەقڵی مرۆڤ و بونیاتنانی شارستانییەت لەسەر حیسابی پیسکردنی خاك و ئاو و هەوا و کوشتنی ملیۆنەها مەل و ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی بێت. لە هیچ قۆناغێکدا وەك ئەمڕۆکە شارستانییەت و ژینگەو سروشت لە مەترسیدا نەبوون، خودی مرۆڤـ لەوە دەترسێت کە لە ناو بچێت، لەوە دەترسێت کە ئەم ئەستێرەیە بکوژێتەوە، نەك کوژانەوەیەکی سروشتی، بەڵکو گێلانە خۆی فوو لەو چرایە دەکات و دەیکوژێنێتەوە، کەواتە مرۆڤ دڕندەترین گیانلەبەری ژێر ئاسمانە، چونکە سەرچاوەکانی ژیان و زیندەگی خۆی پیس دەکات، کەچی گەمژەیی ئێمە لەوەدایە شانازی پێوە دەکەین، ئێستاش بەردەوامە و ئەوەش دوا قۆناغی بە گەلحۆبوونە، ئێمە لەو ڕەوە کوللەیە دەچین کە بە دەم فڕینەوە دەغڵ و

دانی بەردەممان نەهێڵین، مرۆڤ هەر پێنج هەستەکەی لە کار خستووە، هەر چوار دەوری خۆی وێران دەکات بێئەوەی بە دوو چاوان ئەو کاولکارییە ببینێت، نە گوێی ماوە ناڵە و گریان و هەرای ناو کوشتارگاکان ببیستێت، نە بۆنی barووت دەکات و نە لەمسی ئاگر و نە تامی میوە گەنیوەکان دەکات، سەیرە کە مرۆڤ بەو هەموو ملهوڕیی و گەلۆرییەوە دەژی و ناوی لە خۆی ناوە سەرداری زەوی و ئاسمان. مرۆڤ تا هەنووکە خۆی نابینێت کە چ پاڵەوانێکی دۆڕاوە و چ سروشتێکی غەمگین دەوری داوە، بێگومان مرۆڤ خاوەن مەعریفەتێکی گەورەیە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو مەعریفەتەی بۆ خۆکوژی و کاولکاری بەکارهێناوە، سەرباری وێرانکردنی سروشت و ژینگە، چاو لە پیربوونی شارستانییەتێك دادەخات کە تەمەنی هەزاران ساڵە، بە بەرچاوی خۆیەوە ملیۆنەها کەس بە نێر و مێ و بە پیر و جوانەوە لە بەرەکانی جەنگ و ناو گوند و شارەکاندا دەکوژرێن، کەچی ناومان لێناوە گەمەی "شەڕو ئاشتی". مرۆڤ نەك لە ڕووی فیزیکییەوە خۆی و سروشتی دەوروبەری وێران دەکات، بەڵکو لە ڕووی ڕەوانی و عەقڵییەوە تا بێت پتر دادەڕمێت، ترسناکترین گەمە و کارکردنی عەقڵ لەم سەردەمەدا لەوەدایە کە گومان لەخۆی بکات، بەڕادەیەك کە بوترێت خودی عەقڵ وا لە ناو دەچێت، چونکە عەقڵێك بوو هێدی هێدی بێ مۆڕاڵ و ڕەوشتبەرزی مایەوە، عەقڵێك بوو پیشەساز و سوودپەرست، مرۆڤ ئەوەندە گێل و کەودەن بوو نەیتوانی و نەیزانی ڕێز لە سروشت بگرێت، چونکە دوا جار نەیتوانی ڕێز لە خۆی بگرێت، نەیتوانی ڕێز لە ئاژەڵەکان و مەلەکان و درەختەکان بگرێت، سەیر نیە کە مرۆڤ

زووتر لە هەموو گیانلەبەرەکانی دیکە دووچاری سەدەها نەخۆشی و دەردو دوو بوو، ڕاستە بۆ نەخۆشی و هەر هەموو بەڵا و کارەساتەکان کە بەسەر مرۆڤدا دێت، چ وەك لەش و چ وەك ڕۆح، هۆکاری جیاواز هەن، بەڵام گەورەترین هۆکار ملهوڕیی و بێباکیی مرۆڤ خۆیەتی، سروشت و مرۆڤ دوو یەکەی جیاواز نین، نوشداری و فەلسەفە و سایکۆلۆژیا هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە بیسەلمێنن کە ڕۆح و لەش دوو یەکە یان تەنی جیاواز نین. لەم سەردەمەدا نیشانە ترسناکەکانی مەرگی مرۆڤ وەك لەش گەلێك زۆر و بەرجەستەن، بەڵام لە هەمووی ترسناکتر نیشانەکانی مەرگی ڕۆح و عەقڵە کە دوا جار بە ماڵئاوایی مۆڕاڵ –ئەخلاق– کۆتایی هاتووە. ئێمە مرۆڤگەلێکین کە لە ناو گەمژەیی خۆماندا سڕین، بۆچی زۆربەی خەڵکی دەبەنگیی پێخۆشە؟ هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە بۆ دەبەنگیی کەس پێویستی بە وزە و توانایەکی ڕۆحی و عەقڵی نیە، وزەیەك بۆ بیرکردنەوە، چونکە بیرکردنەوە هیلاکییە، دادگاییکردنی خۆت و خەڵکی لە ڕووی ئەخلاقییەوە تا ئەوپەڕی ئازاربەخشە، زۆر ناخۆشە کەسێك ئاگادار بکەیتەوە کە دەبەنگە، لەوە ناخۆشتر ئەوەیە کەسێك تۆ ئاگادار بکاتەوە کە دەبەنگیت.

ئێمە بە دەبەنگی ڕاهاتووین، دەبەنگیی و ملهووڕی لە قۆناغی یەکەمدا جۆرێکە لە سەرسەلامەتی، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا سەرمان دەخوات، ئێمە وەك توخمی مرۆڤ لە چ ڕۆژ و مانگ و ساڵ و لە چ بەروارێکەوە بوو کە بە تەواوی خۆمان لە گێلی داو گەلحۆییمان بوو بە پەرچەمی زیندەگیمان؟ خۆ ناکرێت بوترێت لە ئەزەلەوە هەر دەبەنگ بووبێتین،

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرکی هەر هەموومانە، ڕەنگە لە ناو میللەتانی دیکەدا کەسانێك هەبن بیریان لە وەها پرسیار و وەڵامێك کردبێتەوە، بەڵام لە کولتووری ئێمەدا بە دەگمەن ڕێکدەکەوێت کەس خۆی بە دەبەنگ بزانێت یان دابنێت، هەر هەموومان بەسمانە کە نان دەخۆین و دەخەوین و زاووزێ دەکەین و بە کار و پیشەیەکەوە سەرقاڵین، هەر ئەوەندە بەسە کە خۆمان بە زیرەك لە قەڵەم بدەین، ڕەنگە (سیاسەت و ئایین) ئەو دوو کارگە گەورەیە بن کە قەناعەت بە هەموو خەڵکی و خۆیان بکەن کە ئەگەر ببنە کرێکاری ئەو دوو کارگەیە، ئیتر زیرەکن و جێگری خەڵك و خودان لەسەر زەوی. کە گێلیی و دەبەنگیی بوو بە بەشێك لە بوون و ژیانمان ئیدی هەستی پێناکەین .. ڕادێین، مت و خامۆش و سڕ دەبین، زۆرمان لەزەت لەوە دەبینین کە گەمژەین، یان پتر لەزەتەکە لەوەدایە کە نازانین گەمژەین، وەك ئەو چەشنە زیندەوەرانەمان لێدێت کە سەرمای زستان سڕیان دەکات و دەچنە دۆخی متبوونەوە، دۆخێکە کە مرۆڤ خۆشحاڵە بەوەی کە دەبەنگە..!